هەرکەسێك ڕۆژێک لە پێناو خوای گەورە بە ڕۆژوو بێت؛ ئەوا خوای گەورە ڕووی دوور دەخاتەوە لە دۆزەخ بە ئەندازەی حەفتا ساڵ

لە ئەبی سەعیدی خودریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو -صلى الله عليه وسلم- کە دەیفەرموو: «هەرکەسێك ڕۆژێک لە پێناو خوای گەورە بە ڕۆژوو بێت؛ ئەوا خوای گەورە ڕووی دوور دەخاتەوە لە دۆزەخ بە ئەندازەی حەفتا ساڵ».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوونیدەکاتەوە کە هەرکەسێك ڕۆژێك بەڕۆژوو بێت لەکاتی جیهاد کردنیدا، هەروەها ووتراوە: ڕۆژی جیهاد کردن وڕۆژەکانی تریش دەگرێتەوە؛ کە بە دڵسۆزیەوە وبە هیوای پاداشتی الله بێت، ئەوا خوای گەورە بە فەزڵی خۆی دووری دەخاتە نێوان ئەو کەسە ودۆزەخ بە ئەندازەی حەفتا ساڵ.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/4436